# ئەو پیاوەی ئەنفالی نووسییەوە
# لە عێراقی نوێدا دەبێت پێناسی هاولاتیبوون  لەسەر مەحکومکردنی ئەنفال بنیات بنرێت

گفتوگۆ:عەدنان سەیدحسێن



ئەو پیاوێکی هێمن و لە سەر خۆیە بەوردی گوێت لێدەگرێت و بـە هێمنـیش وەڵامـی پرسـیارەکانت دەداتـەوە ، نوسـەری ناوداری عیراقی و سەرۆکی دامەزراوەی یادەوەری عیراقی خاوەنی یەکەم کتێب و یەکەم فیلمی دیکۆمێنتکاری دەربـارەی ئەنفال ، لە یەکەم دیداریدا لە پاش  گەڕانەوەی بۆ کوردستان و لە پەراوێزی کۆنگرەی بـە جیهـان ناسـاندنی ئەنفالـدا بـە ڕاشکاوی باس لە ئەنفال و هەڵەکانی حکومەتی عیراقی و حکومەتی هەرێم دەکات لە مامەڵەکردن لە سەر کەیسی ئەنفال.

## دیکۆمێنتەکانی ئەنفال لە جانتایەك بەڵگەوە ملیۆنەها پەڕە

سەبارەت بەوەی چۆن و کەی گرنگی دا بەئەنفال و خۆی بۆ تەرخانکرد، مەکیـە مێـژووی دەسـتپێکردنی بەکۆکردنـەوەی زانیاری و دیکۆمێنت لەسەر ئەنفال گرێدا بەیەکەم گەڕانەوەی بۆ عیراق و ووتـی" ئـەنفال ڕێـڕەوی ژیـانمی گـۆڕی لـەدوای (30) ساڵ لە غوربەت کاتێك کە بۆ یەکەمجار لە ساڵی (1991) گەڕامەوە بۆ عیراق ، من پێشتر هەنـدێك شـتم بیسـتبوو دەربارەی پرۆسە گەلێك بەناوی ئەنفال، بەڵام من بەڕاستی هیچم دەربارەی نەدەزانی.

یەکەم گەڕانەوەم بۆ عیراق لە ڕێگای کوردستانەوە بوو، چونکە من نەمدەتوانی بچمە بەغدا، چوونە بەغا شـتێکی مـەحاڵ بوو بۆ من  بۆیە دەبوایە لە کوردسـتانەوە بێمـە عـیراق ، لـەوێ تووشـی شـۆك هـاتم لـەو هـەواڵ و دیکۆمێنتانـەی کـە لـە کوردستان دەستم کەوت ئەوکات بەڕاستی سەرم سـوڕما لـەو پرۆسـەی لـەناوبردنی گشـتییە کـە نـاوی ئـەنفالی لێنرابـوو، ئەنفال  پرۆسەیەکی لەناوبردنی گەورەیە و بەراورد دەکرێت بە ئەو تاوانە گەورانەی کە لە سەدەی بیستدا ئەنجامدراون.

مانەوەم لە کوردستان لەو هاتنەوەیەمدا کە هاوکات بوو بە یەکەم گەڕانەوەم لەدوای ئەو چەند سـاڵە وەکـو چـوونە نێـو ئەشکەوتێکی تاریك وابوو، وەکو چوونە نێو دونیایەك بوو کە هەرگیز من نەمدیبوو، بەگوندەکاندا تێدەپەڕیم بـە هاوکـاری پێشـمەرگەکان و چـاوم بـەو دیکۆمێنتانـەدا دەنەخشـاند کـەلای حزبـە کوردییـەکان بـوو و چاوپێکەوتنیشـم لەگـەڵ قوربانییەکاندا دەکرد پێش بڵاوبوونـەوەی کتێبەکەشـم فیلمێکـی دیکـۆمێنی دەرچـوو کـە بـەهاوکاری (گـوین ڕوبـەرتس) لەساڵی (1992) بۆ (BBC) تۆمارمان کرد و چەند جارێکیش لێرەش نمایشکرا.

لەو کاتەوە وەکو ئاماژەم پێکرد ڕێڕەوی ژیانم گۆڕا بۆ نموونە، ئەمڕۆ دامەزراوەی بیرەوەری عیراقی کە لە ساڵی (2003) دامەزراند بنیاتنراوە لەسەر ئەوانەی بەسەرمدا هات لە هەستکردن بەو پەرچەکردارانەی کە لەپاش ئەو تاوانەوە لە (1991) هەستمپێکرد.

لەدوای ئەو ساڵانە ئەمڕۆ لە دامەزراوەکەماندا شایەتییە ڤیدیۆییەکانی قوربانیانی ئەنفال و هەموو ئەو تاوانانەی بەسەر عیراقییەکاندا هات لە تەلەفزیۆندا نمایش دەکەین. ئەم کارە دووبارەکردنەوەی ئەوەیە کە لە (1991)دا دەستمپێکرد کە ئەو کات ریکۆردەرێکی ئاوام پێبوو دەچووم بۆلای خێزانەکان بە هاوکاری وەرگێڕێك و ئەو چیرۆکە جیاوازانەمان کۆ دەکردەوە کە پاشتر لە کتێبەکەمدا (دڵڕەقی و بێدەنگی) بڵاوبووەوە، ئەوکات من تەنها جانتایەك بەڵگەنامەم لابوو کە لە د. بەرهەمم وەرگرت کە دەمناسی و دواتر لە بارەگای حیزبە کوردیەکان  هەندێك بەڵگەنامەم بینی، بەڵام ئەمڕۆ ئێمە لە دامەزراوەی بیرەوەری عیراقی (11) ملیۆن پەڕەی بەڵگەنامەی سکانکراومان لەلایە کە لەئەرشیفی دامەزراوەکەدا پاراستوومانە کە بەڵگەنامەی حکومین دەربارەی کارەساتەکە.

لەو دەمەوە ڕێڕەوی ژیانم بووبە هەوڵی بونیاتنانی داهاتوو لەسەر بنەمای ئەو کارەساتانەی کە لە ڕابردوودا ڕوویانداوە تەنانەت  لە  دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدامیش ، چونکە بەڕای من ناسنامەی عیراقی کورد بێت یان عەرەب نابێت لەسەر بنەمای لەبیرچوونەوە بونیات بنرێت، بەڵکو دەبێت لەسەر بنەمای جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە ڕوویداوە بونیات بنرێت ئەمەش بەسەر هەموو عیراقییەکدا جێبەجێ دەبێت، چونکە ئەنفال تاوانێکە بەرپرسیارێتییەکەی لەسەر هەموو عیراقییەکانە تەنانەت نەوەکانی داهاتووش من لەم دەروازەیەوە دەچمە نێو مەسەلەکەوە و کارەکانم لە دامەزراوەکەدا و لە زانکۆشدا وەکو مامۆستایەك (کە ساڵانە ئەنفال لە زانکۆدا دەڵێمەوە) کارەکانمی لەسەر بونیات دەنێم.

## ئەنفال هاوشانە لەگەڵ کۆمەڵکوژی هۆڵۆکۆست و ڕواندا

سەبارەت بە گرنگی بەستنی کۆنگرەی ئەنفال مەکیە ، وتی: هەست بە خۆشحاڵی دەکەم کە ئێستا وشەی ئەنفال چۆتە نێو فەرهەنگی عەرەبی و جیهانییەوە و لە فەرهەنگی لەناوبردنی بە کۆمەڵیشدا دەناسرێتەوە کە ئێستا وشەیەکی نوێمان هەیە کە وشەی ئەنفالە ئێستا هۆڵۆکۆست هەیە بە کۆمەڵکوژی ڕواندا هەیە، بۆسنە هەیە لەگەڵ ئەوانەشدا ئەنفال هەیە کە بۆ فەرهەنگی ئەو کردەوە ترسناکانە زیادکراوە کە دژ بە مرۆڤایەتی ئەنجامدراون ئەمڕۆ کوردستان ئازادە و دەکرێت ئیش لەسەر ئەنفال بکرێت بەشێوەیەك کە پێشتر نەدەتوانرا بەو شێوە کاری لەسەر بکرێت ، ئێستا بەڵگەنامەمان لەلایە و قوربانییەکانیش دەتوانرێت قسەیان لەگەڵدا بکرێت و چیرۆکەکانیان وەربگیرێتەوە، دڵخۆشم کە حکومەتی هەرێم ئەم دەستپێشخەرییەی کردووە و بە هیوام ئەمە یەکەم قۆناغ بێت، چونکە یەك کۆنفرانس چارەسەر و وەڵامگۆی ئاوا مەسەلەیەکی گرنگی لەلا نابێت، بەڵکو پێویستمان بە چەندین کۆنگرەیە کە لەسەر یەك بنیات بنرێن. وا لە مەسەلەکە دەڕوانم کە ئەنفال خەریکە لەگەڵ کاتدا لە بازنەی سیاسەت وە دەردەنرێت بەڵام  دەبێت لە بازنەی سیاسیدا بمێنێتەوە بە تایبەت لە بەغدا نەك تەنها لە کوردستان" .

## لەئەنفالدا هەمووان بەرپرسیارین

لەوەڵامی ئەوەی چی بکرێت بۆ ئەنفال یان بەواتایەکی ئەو ڕێگایانە چین کە دەبێت کورد بیان گرێتە بەر بۆ بە جیهان ناساندنی ئەنفال ووتی" ئەوەی من دەمەوێت لە وشەی ئەنفال کە ئەنفال بە تەنها لە کوردستاندا نەمێنێتەوە، چونکە هەموو هاوڵاتییەکی کوردی لە هەولێر لە سلێمانی ئەنفال دەناسن دەزانن چییە، بەڵام هەموو هاوڵاتییەکی بەغدا و بەسرە نازانن ئەنفال چییە و نازانن چی کارەساتێکی گەورەیە بەسەریاندا و بەسەر بەشێك لە گەلەکەیاندا هاتووە، ئەمە ئەو هەستەیە کە دەبێت لەلای هەموو عیراقییەك دروستبێت هەستێکە دەبێت دروستبکرێت و پێویستمان پێیەتی بۆیە بەرپرسیارێتییەکی مێژووییمان لەسەرە و هەرێمی کوردستانیش بەرپرسیارێتی لەسەرە نەك تەنها لە عیراقدا بەڵکو لە هەموو جیهاندا، چونکە ئەوە بەس نییە کە قوربانی قسە بکات لەوەی بەسەریدا هاتووە، بەڵکو دەبێت پەیوەندی دروستبکرێت ، وشەکە نەك بە تەنها لە فەرهەنگی کوردیدا بمێنێتەوە بەڵکو دەبێت ببێتە وشەیەك هەمووان هەستی پێبکەین (بۆخۆت لە کارەکە باش تێدەگەی، چونکە لەناوچەکە ژیاوی و خەڵکی گەرمیانی)، بەڵام دەبێت ئەو عیراقییەی لە بەسرە دەژیت هەست بکات کە بەرپرسیارێتی لەسەرە، هەست بکات کە تاوانێك بە ناویەوە ئەنجامدراوە و منداڵەکانی و نەوەی دوای ئەوانیش هەمان بیرکردنەوەیان هەیە، بەڵام ئەمە تا ئێستا بە ئەنجام نەگەیشتووە ئەم جۆرە بیرکردنەوە نەچۆتە نێو فەرهەنگی سیاسی عیراقییەوە تەنها لەبەکارهێنانی سیاسی کەم مەودادا نەبێت، ئەوەی من لە حکومەتی هەرێم داوای دەکەم لە ماوەی دوور مەودای داهاتوودا کەسانی ئەکادیمی ئەم وشەیە هەڵگرن بەسیاسەتکردنی وشەکەش تەنها بۆ بەکارهێنانی سیاسی نەبێت، بەڵکو بێتە نێو کۆمەڵگە و بیروهۆش و کەسایەتی عیراقییەوە و لە داهاتوودا ببێتە بەشێك لە بونیادی کەسایەتی عیراقی کە تیایدا هاوڵاتیبوون لەسەر بنەمای مەحکومکردنی ئەوەی بەسەر کوردا هات لە پرۆسەی ئەنفالدا بونیات بنرێت ئەم پرۆسەیە ئەوەندە گەورەیە کە دەبێت پێناسی هاوڵاتیبوونی عیراقی لەسەر ناڕەزایی و مەحکومکردنیدا بنیات بنرێت بەرپرسیارێتیش لە پرۆسەی ئەنفال بەرپرسیارێتییەکی عیراقییە و لە هەمانکاتدا لە ئەستۆی هەموو مرۆڤایەتیدایە، چونکە تاوانەکە تەنها بەرامبەر بە کورد نییە، بەڵکو بەرامبەر ئەوانەیە کە ناوی مرۆڤیان لێنراوە و دەبێت هەموو مرۆڤێکیش هەست بە شەرم بکات بەرامبەر ئەو تاوانە ئەمەش تائێستا بەدینەهاتووە.

## ڕەخنە لە حکومەتی عیراقی

سەبارەت بەوەی حکومەتی عیراق وەکو پێویست هەوڵی دروستکردنی ئەو هەستی هاوڵاتیبونەی نەداوە کە جۆرێك لە پەیوەندی دروست بێت لەنێوان نەتەوەو ئاینزاکانی عیراقدا ووتی " ئەنفال لە عیراقدا بە تاوانێکی دژ بە کورد ناوەزەد کراوە و جۆرێك لە یاسای دابەشکردنی بەسەرەوەیە ئەنفال تاوانێکی کوردییە، دوجەیل تاوانێکی شیعییە... هتد، ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە ئەنفال تاوانە دژ بە هەموو عیراقییەکان بەرپرسیارێتییەکەشی لە ئەستۆی هەموو عیراقییەکاندایە دەبێت ئاوا کۆنگرەیەکیش لە بەغدا سازبکرێت، چونکە بەغدا زۆر گرنگە بۆ بیرخستنەوەی ڕووداوەکە بۆ ئەوەی عەرەبەکانی عیراقیش هەست بکەن بەوەی بەسەر کوردا هات لەسەر ئەم بنەمایە دەکرێت پەیوەندییەکی نوێ دابمەزرێنین و نیشتمانێکی نوێ لەسەر بنەمای فیدراڵییەت دروست بکەین ئەگەرنا ئەوا وشەکە بە تەنها بۆ کورد دەمێنێتەوە و عیراقییەکان هەست بە هیچ بەشدارییەك ناکەن لەگەڵیاندا سەرەڕای ئەوەی بەناوی ئەوانەوە کراوە و حکومەتی عیراقی بەرپرسە لێی و سوپا بەکارەکە هەڵساوەو بەرپرسی گەورەش سەدام حسێن کە بەداخەوە لەسەر ئەو تاوانە سزانەدرا ئەمەش مەسەلەیەکی گەورەیە و ڕەخنەم لە حکومەت هەیە لەو کارەی و یەکێکە لەهەڵە گەورەکان،

چونكە سەدام لەسەر تەنها كەیسێك لە سێدارەدرا نەك لەسەر هەموو تاوانەكانی.

دەربارەی ئەوەی چۆن وابكرێت هاوڵاتییەكی عەرەب لە بەسرە هەست بەناڕەحەتییەكانی كوردێك بكات یان شیعەیەك بەئازارەكانی سوننەیەك؟ واتە چی بكەین بۆ ئەوەی هەستی هاوڵاتیبوون لەلای عیراقییەكان دروستبكەین؟ ئەمە گرنگە هاوڵاتیبوون نابێت لەسەر بنەمای كێبڕكێكردن لەسەر مەزڵومیەت بنیات بنرێت، شیعە بە كورد بڵێ من لەتۆ زیاتر قوربانیم داوە، كوردیش بە شیعە بڵێ من لەتۆ زیاتر قوربانیم داوە سوننەش بڵێ من ئێستا لەهەمووتان زیاتر قوربانی دەدەم ئەوكات كارەكە دەبێتە كێبڕكێكردن لە قوربانیدان و ئەمەش خراپترین شتێكە كە بە مرۆڤ خۆی پێ بسێرێت و ئەوكات ئەنجامێكی ڕەشی دەبێت و ناتوانرێت پەیوەندی نوێ لەسەر بنەمای باوەڕپێكردن دروستبكرێت و دواتر دروستكردنی عیراقی نوێ (كە مەحاڵە بەبێ دروستكردنی پەیوەندی نوێ ) نایەتەدی.

پرۆسەكانی ئەنفال و هەموو تاوانەكانی سەدام ئامانجی سەرەكیان هەڵوەشاندنەوەی گەلی عیراق و جیاكردنەوەی عیراقییەكانە لەیەكتر، جیاكردنەوەی عەرەب و كورد لەیەكتر، جیاكردنەوەی تایەفەیەك لە تایەفەیەكی تر ئەمە ستراتیژیەتی ڕژێمی بەعس بوو بەدرێژایی سەردەمی دەسەڵاتی و ئێستاش بۆ گۆڕینی ئەم واقیعە تاڵەی تێی كە وتوین ئەبێت ئەو پرۆسەی لێك جیاكردنەوە تێپەڕبكەین و بگەین بەجۆرێك لە هاوڵاتیبوون چۆن دۆزێك هەیە كە دەڵێت" كارەكە لەسەر بنەمای لەبیرچوونەوە بێت، با ڕابوردوو لە بیربكەین و پەڕەیەكی نوێ هەڵدەینەوە و عیراق بنیات بنێینەوە لەسەر بنەمای لەبیركردنی ڕابوردوو، بەڵام ئەمە شتێكە ڕوونادات، چونكە گەلێك بەگشتی تووشی ناڕەحەتی بوو، سایكۆلۆجیەتی قوربانی ئەوە قبوڵ ناكات، عیراقییەكانیش هەموویان قوربانین، سروشتی ڕژێمی پێشووش وابوو قوربانی لەهەموو چینێكدا دروستكرد، قوربانی ئامادەنییە بۆ لەبیرچوونەوەی ئەوەی بەسەریدا هاتووە، بەڵكو یەكەم شت كە داوای بكات ئەوەیە كە كۆمەڵگە ئیعترافی پێبكات، ئەو ئیعترافەش بەسە بۆ ئەوەی هەستبكات بەشێكە لەكۆمەڵگەی نوێ كۆمەڵگەی عیراقیش لەسەریەتی ئەم جۆرە ئیعترافانە بكات لەسەر ئەوەی بەسەر ئەوی تردا هاتووە، بەڵام بەداخەوە، تائێستا كەیانی سیاسیی لە عیراق بەمە هەڵنەساوە و ئەم ئیعترافە نەكراوە سەرەڕای ئەوە ئەو هەموو كێبڕكێ و مانۆڕە سیاسییانەی بەناوی قوربانیانەوە ئەمڕۆ لە بەغدا ئەنجامدەدرێت، كەچی بەداخەوە تائێستا ئیعترافێكی ڕاستگۆیانە ڕووینەداوە كە دەكرێت ئەو ئیعترافە بەخشوعەوە لەبەردەم ڕاستییەكی گرنگدا بكرێت ئەویش ئەوەیە ئێمەی عیراقی هەموومان بەرپرسیارین لە ئەنفال و تاوانەكانی تر بە گەلی كوردیش دەڵێم ئەوە لەبیر نەكەن ئەنفال ڕاستە تاوانەكە دژبە گەلی كورد كرا بەڵام گوندی ئاشوریش بەركەوت هەرچەندە ژمارەكەیان كەم بوو، بەڵام عەرەبیشی بەركەوت، دووەم شت سەركەوتنی ئەنفال ئەگەڕێتەوە بۆ هاوكاری هەندێك لە كوردەكان ئەوانەی ئێوە پێی دەڵێن (جاش) كە تێوەگلان لە هاوكاریكردنی ڕژێمدا بۆ ئەم پرۆسەیە كەواتە هەموومان بەرپرسین لەوەی بەسەر ئەنفالدا هات كاتێكیش هەست بەو بەرپرسیارێتییە دەكەین و بەردەوام نابین لەكێبڕكێ لەگەڵ ئەوی تردا لەسەر قوربانی، بەڵام بەرپرسیارێتییەكە وەردەگرین و خشوعی بۆ دەبەین ئەوكات قۆناغێكی نوێمان بڕیوە و بنەمای عیراقێكی نوێمان داناوە كە ئەمەش تائێستا بەداخەوە ئەنجام نەدراوەو ئەوەی كە حكومەت لە بەغدا ئەنجامیداوە شكستێكی گەورەبووە بەرامبەر هەموو ئەو قوربانیانە كە لەسەردەمی پێشوودا زوڵمیان لێكراوە.

## ئیعترافکردن بەئەنفال لە ناوەوە بۆ دەرەوە

لە وەڵامی ئەوەی کە کوردەکان لە بێدەنگییەکی نێودەوڵەتیدا کوژران ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە وابکەین کۆمەڵگەی نێودەڵەوتی داوای لێبوردنمان لێبکات؟ ئایا ئەو قورساییەمان هەیە داوای ئەوەبکەین، مەکیە پێیوابوو" یەکەم چەند ڕێگەیەك هەیە بۆ گەیشتن بەوجۆرە ئیعترافە ، دووەم شتیش داوای لێبوردن لەگەڵ هەڵسەنگاندنی دەروونیدایە. ڕستە سەرەکییەکەت لەبیرنەچێت هەمووماں بەرپرسین لە ئەنفال ئەمریکییەکان کە دەیانزانی چی ڕوودەدات لەڕێگەی سەتەلایتەکانیانەوە و دەیانزانی یان هیچ نەبێت فیکرەیەکیان هەبوو لەوەی کە ڕوویدەدا لە کوردستان ئەوکات، بەڵام سەدام هاوپەیمانی ئەمریکییەکان بوو بەرپرسیارن ، هاوڵاتی عیراقی دانیشتوی بەسرە کە بڵێت بەرپرسیارێتیم لەسەر نییە هەڵەیە لەسەریەتی و بەرپرسیارە هەمووماں بەرپرسین، سەدام لەم کۆمەڵگەیەوە دەرچووە قسەکانت ڕاستە داوای لێبوردن لە ڕێگەی ئیعترافکردن دەبێت لەوەی کە ڕوویداوە. یەکەم شت کە دەبێت بیکەین پێش داوای لێبوردن ئیعتراف کردنە بەوەی ڕوویداوە، بەڵام تائێستا ئیعترافکردن ڕووینەداوە، تائێستا کێبڕکێ هەیە لەنێوان عیراقییەکاندا لەسەر ئەوەی کێ لەهەمووان زیاتر زوڵمی لێکراوە هەروەك کێبڕکێ هەیە لەسەر مەزڵومیەت لەگەڵ دەرەوەدا، بۆیە بەڕای من تائێستا ئیعترافکردن وەکو پێویست نییە لەوەی بەسەر کوردەکاندا هات لەچوارچێوەی شاڵاوەکانی ئەنفالدا نەك بە تەنها لەلای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەڵکو لەلای عیراقییەکانیشەوە، بۆیە من وای دەبینم بەرپرسیارێتی گەورە لەسەر ئەوە نییە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئیعترافی لەسەربکەن، چونکە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەڕوانێتە عیراق وەك یەك بەش، بەڵکو دەبێت حکومەتی عیراقی بەرپرسیارێتی یەکەم هەڵگرێت و لێرەوە بەرپرسیارێتی و ئیعتراف دەستپێدەکات و ئەگوازرێتەوە بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەم شێوەیە ئیعترافی نێودەوڵەتی دەستپێدەکات بەوەی بەسەر خەڵکیدا هاتووە ئەمەش ئەو ئاڕاستەیە کە دەبێت ئیشی لەسەربکەین و ئیعترافی نێودەوڵەتی بە ئەنفال دەستپێدەکات و ئەم کۆنگرەیەش کە ئەمڕۆ ئەنجامدەدرێت یەکەم هەنگاوە بەو ئاڕاستەیەدا.

## گروپی سیاسی و قۆستنەوەی قوربانی

کەواتە ئێمە دەبێت داوای ئیعتراف لە حکومەتی عیراق بکەین بەپێی دەرئەنجامەکان لەمەشدا دووبارە مەکیە ڕای جیاوازی هەبوو، لە وەڵامی ئەوەشدا وتی: "با پێش ئەوەی داوای سیاسیی بکەین من شتێکم وت لەپێشدا لەوەی ڕوویدا هەموو عیراقییەکان زوڵمیان لێکرا هیچ کەسێکیش نەبوو کە زوڵمی لێ نەکرێت و ئازار نەدرابێت لە سیساڵی حوکمی ئەو ڕژێمەدا، بەڵام با هەست بەئازاری ئەوی تر بکەین چۆن؟ شیعیی ئازاری بینی هەروەها سوننی کوردیش تەنانەت کەسە نزیکەکانی سەدامیش زەرەرمەندبوون ئێمە ئیعتراف بە مەزڵومیەتی گەلی کورد دەکەین، بەڵام ئەوەی کە خۆت ناوی دەنێیت بە کێبڕکێ کە شتێکی زۆر خراپە ئیعتراف زۆر جیاوازە لە کێبڕکێ کە ئێستا حکومەت لەسەر کێبڕکێ دامەزراوە، من لەتۆ زیاتر زەرەرمەندبووم کەواتە مافەکانم لەتۆ زیاترە دەبێت نەوتم بدەیتێ زەویم بدەیتێ ئەمە بە کێبڕکێی ناودەنێم نەك ئیعتراف ، قوربانی لە ئەولەویەتدا دانەنراوە ئەوەی لەسەرەوەیە ئەولەویەتە بەرژەوەندییەکانی حکومەت و گروپی سیاسییە کە بەناوی قوربانی و زوڵم لێکراوەوە قسەدەکات ئەوەی من دەمەوێت قوربانی بخرێتە ئەولەویەتەوە.

ئەبێت هەموو کۆمەڵ ئیعتراف بکات بە تاوانەکە ، ئەبێت خشوع بکەنەوە بەرامبەر واقیع ئەو تاوانەیان کردووە و تێوەگلاون لەگەڵ ڕژێمی پێشوودا کەسێك نییە لە سوپادا نەبووبێت ، کەسێك نیە هەواڵی لەسەر کەسێك نەدابێت کەواتە هەموو عیراقییەکان بەجۆرێك لەجۆرەکان تێوەگلاوین لەتاوانەکانی سەدامدا کاتێکیش ئیعتراف دەکەین بەوەی کە هەموومان تێوەگلاوین لەتاوانەکانی ڕژێمدا ئەوکات کە تۆ دێیت ئیعتراف دەکەیت کە هەموومان تێوەگلاوین شتێکی زۆرگەورە دەکەیت هەموو پێوەرەکان دەگۆڕیت ناتوانی ئیتر بێیت و بڵێیت تۆ بەرپرسیاری ، بەڵکو تۆ تێوەگلاویت و بەرپرسیاریت و دان دەنێی بەوەی کە ڕوویداوە ئەمەش شتێکی نوێ بەرهەم دەهێنێت لەنێو نەتەوەکاندا".

## شکستی سیاسیەکان

مەکیە دەربارەی پرۆسەی سیاسی و عیراقی دوای سەدام ووتی" سیاسییەکان شکستیان هێنا لە بنیاتنانی بنەماکانی عیراقێکی نوێدا کە لەسەر لێبوردەیی بونیات بنرێت سەرەڕای ئەوەی سەدام و دارودەستەکەی ڕۆیشتون، بەڵام هێشتا عیراقییەکان یەکتر دەکوژن و بەردەوامی دەدەن بەو توندوتیژییە دەدرێت کە لەپێشدا هەبووە کەواتە ئێمەی عیراقی نەوەستاین لەسەر ئەوەی کە لە مێژووی نزیکماندا ڕوویدا و دانمان نەنا بەوەی کە ڕوویداوە ئیعترافمان نەکرد بە واقیع، یارییەکی سیاسیی هەیە پرۆسەی ئەنفال بۆ خۆی ئەقۆزێتەوە بەڵام پرۆسەی ئەنفال دەبێت بقۆزرێتەوە و گرنگە باسبکرێت لەبەر قوربانییەکانی ئەو قوربانیانەی کە هەیانە تائێستا تۆماری ڕەسمیان نییە و پەڕەی هاوڵاتیبوونیشیان نییە.

ئەمە پرۆسە گەورەکەیە کە پێش کێبڕکێ سیاسیی دێت پێش گەمەی داوای لێبوردنم لێبکە و داوای لێبوردنت لێدەکەم.

ڕەخنەم لە حکومەت هەیە تاوانباری سەرەکی لە قەزیەی ئەنفال سەدام حسێن لەسەر ئەنفال سزانەدرا، بەڵکو لەسەر مەسەلەیەکی کەم هەستیارتر ئیعدام کرا کە کوشتنی (142) کەس بوو ئەی ئەو (182) هەزار کەسەی لە ئەنفالدا مردن ئەو سەدان هەزارەی لەشەڕی کەنداودا کوژران؟ ئەی ئەوانەی لەشەڕی ئێراندا و پێش شەڕی ئێران کوژران تاوانەکەیان لەئەستۆی کێدایە؟

کەواتە ئیعدام نەکردنی سەدام لەسەر ئەنفال کارەساتە، پێت دەڵێم بۆ واشی لێهات ئەوان کێبڕکێ لەسەر شتێك دەکەن کە نابێت کێبڕکێی لەسەربکەن ئەویش مەزلۆمیەتە کەواتە هەموومان قوربانی ڕژێمی پێشووین.

## "ڕۆشنبیرە عەرەبەکان"

لەبەرامبەر ئەو نووسەرە عەرەبانەی کە ئەنفال بە درۆیەکی شاخدار دەزانن و بوق لێدەری سەدام بوون، مامۆستا کەنعان وتی: "گرنگە هەمووان کار بۆ دەرخستنی ئەنفال و تاوانەکانی سەدام بکەین هەریەکە لەبواری خۆیدا، ڕۆشنبیر ئیشی لەسەربکات، ڕۆشنبیری عەرەبی تائێستا بێدەنگە لەوەی کە هەیە بەڕای من دەبێت کارکردن لەسەر حکومەتی عیراقی و هەڵەکانی وادەکات گۆڕانێکی بەرفراوان لە ڕۆشنبیری عەرەبیدا دروست بێت و کاری لەسەربکرێت".

* لەساڵی (1949) لە بەغدا لەدایکبووە
* یەکەم کەس بووە کە دەربارەی ئەنفال نووسیویەتی
* یەکەم فیلمی دیکۆمێنتکاری سەبارەت بە ئەنفال لە (1992) لەلایەن ئەمەوە تۆمارکراوە بۆ (BBC)
*سەرۆك و دامەزرێنەری دەزگای یادەوەری عیراقیە کە بارەگاکەی لەئەمریکایە.
* مامۆستایە لە زانکۆی برانداس لە ئەمریکا
* ساڵانە بەشێوەی محازەرات ئەنفال بە خوێندکارەکانی دەڵێتەوە
* ئەندامی ئەنجومەنی ئەمیندارانە لە زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی
* لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەژێت.